## لە هەڵبژاردنی خولی پانزەیەمی سەرۆکایەتی ئێراندا

# جیهان چاوەڕوانی گۆڕانکاری لە سەرۆکە نوێیەکە دەکات

### سەرۆکە نوێیەکە چارەنوسی ئێران دیاریدەکات

ئا: لوقمان ئەبوبەکر

IDEA DEPLOMATIC


عەلی ئەکبەر ویلایەتی


حەداد عادل


حەسەن روحانی


محەمەد رەزا عارف


سەعید جەلیلی


موحسن رەزایی


محەمەد خەرازی


محەمەد رەزا قالیباف

پاش چوار ساڵ تێپەڕبوون بەسەر هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆکایەتی ئێراندا، کە تێیدا بزوتنەوەیەکی ناڕەزایی بەرفراوان سەریهەڵدا و بە دەیان خۆپیشاندەر تێیدا کوژران و زیاتر لە(2) هەزار کەسیش دەستگیرکران و تا ئێستاش ژمارەیەکیان لە زینداندا ماونەتەوە، لەوانە(3) سەرکردەی دیاری بزوتنەوەی سەوز کە لە میر حسێن موسەوی و مەهدی کەڕوبی و زەهرا ڕەهنەوەرد پێکهاتون، خولێکی نوێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران بەڕێوەیە و لە یەکەم هەنگاوی پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی یانزەیەمی سەرۆکایەتیشدا(686) کەس ناوی خۆیان وەکو کاندیدی سەرۆکایەتی تۆمار کرد، رۆژی (21)ی ئایاریش ئەنجومەنی چاودێری دەستوری ئێران پاش (10) رۆژ مۆڵەتی تاوتوێ کردنی شیاوبوونی کاندیدەکانی خولی یانزەیەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران، بە رەسمی ناوی کاندیدە پەسەندکراوەکانی راگەیاند و لە نێوان(686) کاندیددا تەنها کاندیدبوونی(8) کەسیان پەسەند کرا کە بریتین لە:

1– سەعید جەلیلی گەورە دانوستانکاری ئەتۆمی ئێران و سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی(موحافزکار).

2 – عەلی ئەکبەر ویلایەتی وەزیری دەرەوەی پێشوو و راوێژکاری ئێستای عەلی خامنەیی بۆ کاروباری دەرەوە(موحافزکار).

3 – غولام عەلی حەداد عادل سەرۆکی پێشووی پەرلەمان و ئەندامی ناوەندی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندیە باڵاکانی کۆماری ئیسلامی(موحافزکار).

4 – محەمەد باقر قالیباف فەرماندەی پێشووی هێزە چەکدارەکانی ئێران و سەرۆکی شارەوانی ئێستای تاران(موحافزکار).

5 – حەسەن رۆحانی، نوێنەری عەلی خامنەیی لە ئەنجومەنی شارەزایانی رێبەری و ئەندامی ناوەندی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندیە باڵاکانی کۆماری ئیسلامی و گەورە دانوستانکاری ئەتۆمی پێشوو(ریفۆرمخوازی میانڕەو).

6 – محەمەد رەزا عارف، جێگری سەرۆک لە سەردەمی سەرۆکایەتی خاتەمی و وەزیری پێشووی پەیوەندیەکان و تەکنۆلۆژیا (ریفۆرمخوازی میانڕەو)

7 – محەمەد غەرەزی وەزیری پێشووی نەوت و پۆستە و گواستنەوە و گەیاندن و پەرلەمانتاری پێشوو (سەربەخۆ).

8 – موحسن رەزایی فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران و سکرتێری ناوەندی دەستنیشانکردنی بەرژەوزەندیە باڵاکانی کۆماری ئیسلامی(موحافزکاری سەربەخۆ).

> **دەیان کەسایەتی و مەرجەعی شیعە لە نامەی جیاجیادا بۆ عەلی خامنەیی داوای پەسەندکردنی کاندید بوونەکەی رەفسەنجانیان کرد**

راگەیاندنی ناوی کاندیدەکان لە کاتێکدا بوو، کە لە تاران رێوشوێنی توندی ئەمنی گیرابووە بەر و ژمارەیەک لە لایەنگرانی ئەحمەدی نەژاد و ئەندامانی کەمپینی هەڵبژاردنی رەفسەنجانی دەستگیر کران.

رەتکردنەوەی شیابوونی هاشمی رەفسەنجانی سەرۆکی پێشوو کە لەلایەن ریفۆرمخوازانەوە پشتیوانی لێدەکرا و ئیسفەندیار رەحیم مەشایی کە لەلایەن ئەحمەدی نەژادەوە پشتیوانی لێدەکرا کاردانەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە.

هەرچەند هاشمی رەفسەنجانی رایگەیاند، رێز لە یاسا دەگرێت و هیچ جۆرە ناڕەزایەک بەرامبەر بە رەتکردنەوەکەی دەرنابڕێت، بەڵام دەیان کەسایەتی و مەرجەعی شیعە لە نامەی جیاجیادا بۆ عەلی خامنەیی داوای پەسەندکردنی کاندید بوونەکەی رەفسەنجانیان کرد.

لەو بارەیەوە زەهرا مستەفەوی کچی ئایەتوڵڵا خومەینی لە نامەیەکدا بۆ عەلی خامنەیی رابەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران داوای پێداچوونەوە بە بڕیارەکەی ئەنجومەنی چاودێری دەستوری کردوە سەبارەت بە هاشمی رەفسەنجانی و تەئکیدی کردوەتەوە، کە ئایەتوڵڵا خومەینی کاتێک رێبەر بوونی خامنەیی پەسەند کردوە شیابوونی رەفسەنجانیشی بۆ ئەو پۆستە پەسەند کردوە و عەلی خامنەییش ئاگاداری ئەوە هەیە.

کچەکەی خومەینی تەئکیدیشی کردوەتەوە کە ئەو هەنگاوەی ئەنجومەنی چاودێری دەستور کێشە و ناکۆکی نێوان دوو هاوڕێ و یاوەری خومەینی لێدەکەوێتەوە.

لای خۆشیەوە ئیسفەندیار رەحیم مەشایی رەتکردنەوەکەی بە زوڵمێکی گەورە وەسفکردوە و رایگەیاندوە لە مافی خۆی خۆش نابێت و بەدواداچوونی بۆ دەکات.

هاوکات مەحمود ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێرانیش رایگەیاند، تا دواساتەکان لە رێگای عەلی خامنەییەوە بەدواداچوون بۆ رەتکردنەوەکەی مەشایی دەکات و رایگەیاند، وڵاتێک کە ویلایەتی فەقیهی تێدا بێت رێگا بە ناهەقی نادرێت.

بڕیارە رۆژی 14ی حوزەیرانی داهاتوو پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەستپێبکات.

پێشبینی دەکرێت لەو (8 ) کاندیدەش ژمارەیەکیان بکشێنەوە بە تایبەت ئەگەری ئەوە لە ئارادایە موحافزکارەکان لە بەرژەوەندی سەعید جەلیلیدا بکشێنەوە

و له نێوان حەسەن رۆحانی و محەمەد رەزا عارفیشدا کە لە ریفۆمخوازان نزیکن یەیککیان بکشێنەوە و لە کۆتاییدا رکابەری پۆستی سەرۆکایەتی لە نێوان 3 کاندیدا بەرێوە بچێت.

رەتکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی کاردانەوەی نێودەوڵەتیشی لێکەوتەوە و لەو چوارچێوەیەشدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا رەتکردنەوەی سەدان کاندیدی لەلایەن ئەنجومەنی دەستوری ئێرانەوە ئیدانە کرد و عەلی خامنەیی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە هەوڵی پتەوکردنەوەی کۆڵەکەی دەسەڵاتدایە. لەو بارەیەوە پاتریک ڤێنرێل وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند، ئەنجومەنی چاودێری دەستور نابەرپرسیارانە و بەبێ روونکردنەوەی هۆکارەکانی سەدان کاندیدی رەتکردەوەتەوە و جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەنجومەنی چاودێری دەستوری ئێرانی بە بەربەستێک لە رێرەوی گەیشتن بە دیموکراسیدا وەسفکرد.

لەلایەکی دیکەوە رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی رەتکردنەوەی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی کرد و تەئکیدی کردەوە کە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران ناشەفاف و نادیموکراتیانەیە.

هاوکات لایەنگرانی موحافزکاران پشتیوانی لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی چاودێری دەستور دەکەن و پێیانوایە بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی ئێستای کۆماری ئیسلامی کاندیدەکان پەسەند کراون و هۆکاری رەتکردنەوەکەی هاشمی رەفسەنجانیش بۆ پیربوون و زۆری تەمەنی دەگێڕنەوە و پێیانوایە پۆستی سەرۆکایەتی ئەرکێکی پڕ زەحمەتە و بۆ کەسایەتیەکی بەتەمەنی وەکوو رەفسەنجانی ناکرێت.

زۆربەی پێشبینیەکانیش ئاماژە بە سەرکەوتوبوونی سەعید جەلیلی دەکەن.

### ئامار و داتای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەکان لە ئێران

لە ماوەی 34ساڵ فەرمانڕەوایی کۆماری ئیسلامی ئێراندا 10 هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجام دراوە و لەو ماوەیەدا 6 کەسایەتی جیاجیا سەرۆکایەتی ئێرانیان کردوە کە 2 سەرۆکیان نەیانتوانیوە خولی چوارساڵەی سەرۆکایەتیەکەیان تەواو بکەن، یەکەمیان لە پۆستەکەی دورخرایەوە و دووەمیشیان لە تەقینەوەیەکدا کوژرا.

### یەکەمین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی

رۆژی هەڵبژاردن: 25 کانوونی دووەمی ساڵی 1980

ژمارەی کاندیدەکان: 124 کەس

دوایین رکابەرەکان: 95 کەس

ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو: 20 ملیۆن و 993هەزار 643 کەس

ژمارەی دەنگدەران: 14 ملیۆن و 152 هەزار و 887 کەس

کاندیدی براوە: ئەبولحەسەن بەنی سەدەر

رێژەی دەنگ: 10 ملیۆن و 753 هەزار و 752 دەنگ

رێژەی بەشداریکردن: لە 67.4%

### خولی دووەمی سەرۆکایەتی

رۆژی هەڵبژاردن: 22ی تەموز 1981

ژمارەی کاندیدەکان: 71 کەس

دوایین رکابەرەکان: 4 کەس

ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو: 22 ملیۆن و 687هەزار 17 کەس

ژمارەی دەنگدەران: 14 ملیۆن و 573 هەزار و 803 کەس

کاندیدی براوە: محەمەد عەلی رەجایی

رێژەی دەنگ: 12 ملیۆن و 770 هەزار و 50 دەنگ

رێژەی بەشداریکردن: لە 64.2

### سێهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی

رۆژی هەڵبژاردن: 30 ئەیلولی 1980

ژمارەی کاندیدەکان: 64 کەس

دوایین رکابەرەکان: 4 کەس

ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو: 22 ملیۆن و 687هەزار 17 کەس

ژمارەی دەنگدەران: 16 ملیۆن و 847 هەزار و 717 کەس

کاندیدی براوە: عەلی خامنەیی

رێژەی دەنگ: 15 ملیۆن و 905 هەزار و 987 دەنگ

رێژەی بەشداریکردن: لە 74.2

### چوارەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی

ژمارەی کاندیدەکان: 50 کەس

دوایین رکابەرەکان: 3 کەس

ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو:25 ملیۆن و 993هەزار 802 کەس

ژمارەی دەنگدەران: 14 ملیۆن و 238 هەزار و 587 کەس

کاندیدی براوە: عەلی خامنەیی

رێژەی دەنگ: 12 ملیۆن و 205 هەزار و 12 دەنگ

رێژەی بەشداریکردن: لە 54.7%

### پێنجەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی

رۆژی هەڵبژاردن: 26 تەموز 1989

ژمارەی کاندیدەکان: 79 کەس

دوایین رکابەرەکان: 2 کەس

ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو: 30 ملیۆن و 139هەزار 598 کەس

ژمارەی دەنگدەران: 16 ملیۆن و 452 هەزار و 677 کەس

کاندیدی براوە: ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی

رێژەی دەنگ: 15 ملیۆن و 550 هەزار و 528 دەنگ

رێژەی بەشداریکردن: لە 54.6%

### شەشەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی

رۆژی هەڵبژاردن: 11 حوزەیران 1993

ژمارەی کاندیدەکان: 128 کەس

دوایین رکابەرەکان: 4 کەس



ئاڵای کۆماری ئیسلامی ئێران

ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو: 33 ملیۆن و 156هەزار 55 کەس
ژمارەی دەنگدەران: 16 ملیۆن و 769 هەزار و 787 کەس
کاندیدی براوە: ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی
ڕێژەی دەنگ: 10 ملیۆن و 566 هەزار و 499 دەنگ
ڕێژەی بەشداریکردن: لە 50.5%

**حەوتەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی**

ڕۆژی هەڵبژاردن: 22 ئایار 1997
ژمارەی کاندیدەکان: 238 کەس
دوایین ڕکابەرەکان: 4 کەس
ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو: 36 ملیۆن و 466هەزار487 کەس
ژمارەی دەنگدەران: 29 ملیۆن و 145 هەزار و 745 کەس
کاندیدی براوە: محەمەد خاتەمی
ڕێژەی دەنگ: 20 ملیۆن و 138 هەزار و 784 دەنگ
ڕێژەی بەشداریکردن: لە 79.9%

**هەشتەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی**

ڕۆژی هەڵبژاردن: 8 حوزەیران 2001
ژمارەی کاندیدەکان: 814 کەس
دوایین ڕکابەرەکان: 10 کەس
ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو: 42 ملیۆن و 170هەزار230 کەس
ژمارەی دەنگدەران: 28 ملیۆن و 81 هەزار و 930 کەس
کاندیدی براوە: محەمەد خاتەمی
ڕێژەی دەنگ: 21 ملیۆن و 659 هەزار و53 دەنگ
ڕێژەی بەشداریکردن: لە 66.6%

**نۆیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی**

ڕۆژی هەڵبژاردن: 17 حوزەیران 2005
ژمارەی کاندیدەکان: 1014 کەس
دوایین ڕکابەرەکان: 8 کەس
ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو: 46 ملیۆن و 768هەزار418 کەس
ژمارەی دەنگدەران: 29 ملیۆن و 400 هەزار و 857 کەس
کاندیدە سەرکەوتووەکانی خولی دووەم: مەحموود ئەحمەدی نەژاد و ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی.
ڕۆژی هەڵبژاردنی خولی دووەم: 27ی حوزەیران 2005
کاندیدی براوە: مەحموود ئەحمەدی نەژاد
ڕێژەی دەنگ: 27 ملیۆن و 768 هەزار و ڕێژەی بەشداریکردن: لە 59.8%

**دەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی**

ڕۆژی هەڵبژاردن: 12 حوزەیران 2009
ژمارەی کاندیدەکان: 475 کەس
دوایین ڕکابەرەکان: 4 کەس
ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو: 46 ملیۆن و 199هەزار997 کەس
ڕێژەی دەنگ: ڕێژەی لە 63%ی دەنگەکانی بە دەستهێنا
ڕێژەی بەشداریکردن: لە 85%